cyan magenta yellow black File: P.7 fl ˙ Æ˝ ” 1



خەبات
www.xebat.net
پێنج شەممە 2017/4/20 ژمارە (5253)



# شاخەوان برادۆستی.. یەکەمین شەهیدی پێشمەرگەی لاو لە شەڕی داعشدا

**خەبات ـ سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی ـ ناحیەی سیدەکان**

شۆڕش و بەرخودانەکانی رابردوو تەنها بەرگری لە بون و ناسنامەی ئەم گەلەیان نەبوو، تەنها راپەڕین و ئەم قۆناغە پڕ دەسکەوتەی 25 ساڵی رابردومانیان بەرهەم نەهێنا، بەڵکو بوونە کەلتورێک کە نەوەکانی ئەمڕۆش لەبەر چرای باوەڕی کوردستانپەروەری و روحی گەلپارێزی و گیانی فیداکاری ئەو شۆڕش و بەرخوادانانەدا هەستەکانیان ئاوێتەی خۆشەویستی خاک و نەتەوە دەبێت و بوەتە هاندەری گیانبازی لاوانی ئەم میللەتە. یەکێکی تر لەو پێشمەرگە گەنجانە کە لە پێناو کوردایەتی و شەرەفی کورستان شەهید بووە و بۆ کوردستان شانازی و سەرفرازی و سەربڵندیە ئەویش شەهیدی گەنج (شاخەوان چەتۆ برادۆستی) یە.

پێشمەرگەشەهید گیانفیدا (شاخەوان چەتۆ حالی) ساڵی 1993 لەگوندی بێ زەفەران سەربە ناحیەی سیدەکان لە دەڤەری برادۆستان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرە لە دایکبووە، دەرچووی پۆلی 3 ناوەندیە،لەتەمەنی لاویەتی هزری کوردایەتی دەچیتە ناخی دڵی،لە ساڵی 2011 پەیوەندی بەریزەکانی پێشمەرگە لە فەرماندەیی هەڵگورد دەکات و دەگاتە ئاواتی خۆی کە پێشمەرگایەتی بوو، دواتر لەهێزی سیدەکان لەگەڵ باوکی دەبێتە پێشمەرگە لەبەشی هەواڵگری کە بەردەوام ئەرکەکانی خۆی ڕاپەراندووە. لەهەمان کاتدا گەنجێکی رۆشنبیری دەڤەرەکەی بووە و هەمیشەئاواتی ئەو خزمەتکردنی پارتی و ڕێبازی بارزانی بووە. لەساڵی 2013 دەگوازرێتەوە بۆ لای خاڵی فەرماندەی خەباتکار ئەنوەر کولیتی جێگری فەرماندەیی هەڵگورد، لەوێ دەبێتە شوفێری تایبەت، شەهید کەسێکی خۆشەویست بوو لای هاوسەنگەرانی خۆی. (شاخەوان حالی برادۆستی) لە دەستپێکی شەڕی تیرۆریستانی داعش، شەهید بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان دوارۆژی میللەتەکەی، بڕیاریدا بچێتەوە ناو سەنگەری کوردایەتی. (شاخەوان حالی برادۆستی) لە 23-6-2014 لە شارۆچکەی رەبیعە لە شەڕێکی سەخت و دەستە و یەخەدا لەگەڵ تیرۆریستانی داعش لەتەمەنی 21 ساڵیدا گیانی خۆی کردە قوربانی کوردستان و شەهید بوو. بەپێی ئەو بەروارەی کە (شاخەوان حالی برادۆستی) تێیدا شەهید بووە کە سەرەتای جموجوڵی تیرۆرستان (داعش) بوو، بەم شێوەیە (شاخەوان حالی برادۆستی) دەبێتە یەکەم شەهیدی شەڕی داعش لەکوردستان. بۆیاد و بیرەوەریەکانی ئەم شەهیدە گەنجە لەگەڵ راگەیاندکار غازی گەردی و کاک حابیل برادۆستی بەرپرسی رۆشنبیری ناحیەی سیدەکان بەرە و دەڤەری برادۆستی کە لانەی شۆڕش و کوردایەتی بووە بەرێکەوتین تاکو گەیشتینە حزوری خانەوادەی شەهید ،هەرچەندە خاتوو(کەوسەر) دایکی شەهیدی شاخەوان، دوای شەهیدبوونی کوڕی تووشی نەخۆشی بووە و بێ تاقەت بوو، بەڵام کە زانیان ئێمە لە رۆژنامەی خەباتەوە چوینەتە لای ئەوان خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بۆ ئەم بەسەرکردنەوە.

**سەرەتا چاومان بە نەقیب (چەتۆحالی برادۆستی) کەوت باوکی شەهید (شاخەوان) کە ئەفسەرە لەهێزی سیدەکان سەربەفەرماندەیی هەڵگورد خزمەت دەکات:** سەر بەرزم بەشەهید بوونی کوڕەکەم، شاخەوان لاوێکی بەهێز و نیشتمان پەروەر بوو و هەستی نیشتیمان پەروەری لە ناخیدا بەهایەکی پیرۆز بوو خزمەکردن ڕێبازی بارزانی و قوربانیدان بە کوردستان بەرکێکی هەرە پیرۆزی دەزانی. شەهید (شاخەوان) هەمیشە ئاواتی ئەوە بووە کە کوردستان بەرەوپێشەوە بچێت و خەڵکی کوردستان ئازاد و سەرفەراز بێت. شەهید زۆر جار بەمنی دەگوت باوکە رۆژێک دێت دەوڵەتی کوردی لەسەر دەستی جەنابی سەرۆ بەرپا دەبێت،شەهید تەمەنی زۆر کەم بوو بەڵام هیواو ئاواتەکانی گەلێک زۆربوون.

**لە درێژە قسەکانی باوکی شەهید گوتی:** شەهید شاخەوان کوڕێکی ڕێک و پێک و قسەخۆش و خۆشەویت بوو لای دۆست و هاوڕێ و ناسیاوەکانی، شەهید کەسێکی ڕۆشنبیر و پارتییێکی مولتەزم بوو، عاشقی ڕێبازی بارزانی و نیشتیمان پەروەر و فیداکاربوو، لە دەستپێکردنی شەڕی تیرۆریستانی داعش، شەهید درکی بەوەکرد کە رۆژ رۆژی قوربانی دانە، رۆژی بەرگری کردنە لە کوردستان و بوونی میللەت، بۆیە بڕیاری دا لەگەڵ فەرماندەیی هەڵگورد رووبکاتە بەرەکانی شەڕ. بە شەهید بوونی کوڕەکەم (شاخەوان) دڵنیام کە کوردستان ئازاد و سەربەخۆ دەبێت و ئاواتی شەهید دێتەدی، بۆیە ئەمڕۆ منیش سەربەرزم بە شەهید بوونی کوڕەکەم گەنج (شاخەوان) لە پێناو کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر، ئێستا من و کوڕەکانی دیکەم پێشمەرگەین و پەیمان دەدەین بەردەوام بین لە خزمەتکردنی ڕێبازی بارزان و کوردستان،هەروەها داوا لەدەزگای شەهیدان دەکەم کە هەمیشە بنەماڵەی شەهیدان بەسەربکەنەوە و سوپاسی ئێوە دەکەم کە لەو ڕێگا دوورە هاتووی وئەوە وەفایە بۆ شەهیدەکان. ئەوە یەکەم شەهید و کۆتا شەهید نابێت و ئێمەش بەهەمان ڕێبازی شەهیدان بەردەوام دەبین.

**(محەمەد چەتۆ) برای شەهید شاخەوان چەتۆ برادۆستی گوتی:** هەروەک باوکم ئاماژە بەخەبات و تێکۆشانی برای شەهیدمان بۆتانی باس کرد بەڕاستی ماڵی ئێمە بەئەو زۆر ئاوەدان بوو و هەمیشە خۆشی و شادی بووە چونکە هەمیشە ئەو ڕەفتاری زۆر باش بووە و هەمیشە هاوکارمان بوو، شەهید شاخەوان لە تەمەنی لاویەتی بووە پێشمەرگە و هەمیشە پێم دەگووت برا گیان تۆ ماندوو نەبوویت، بەڵام هەردەم وەڵامی ئەوەبوو "من قەد ماندوو نابم چونکە باشترین خزمەت بۆکوردستان پێشمەرگایەتیە کە دەتوانی خزمەت بکەی"، بۆیە باس کردن لە ئازایەتی و قارەمانیەتی ئەو بەچەندەها لاپەڕە تەواو نابێت چونکەشەهید شاخەوان جگە لە پێشمەرگایەتی پێگەیەکی بەهێزی لە ناو لاو و گەنجەکانی دەڤەری برادۆست و شوێنەکانی دیکە هەبوو، هەمیشە هانی ئێمە گەنجان دەدا کە بەهەستی کوردایەتی خزمەت بکەین. من وەک برای شەهید سەربەرزم بە شەهید بوونی براکەم کە هەمیشە ئامانجی ئەوەبوو رۆژێک بگاتە پلەی شەهادەت بۆیە دەڵێم "ئەو شەهید بوونەی لێی پیرۆز بێت".

**خاتوو(خەیاڵ)خوشکی شەهید شاخەوان چەتۆ برادۆستی کە هاوسەری پێشمەرگەیە و ئەوەیش بەسەردان هاتبووە لای کەسوکاری کە باسی برای شەهیدی دەکرد دەگریا ،دواتر وتی:** برای من شەهید شاخەوان کەسێکی بەرەحم و خۆشەوەیست و دڵسۆز و بەوەفا بوو ،لەتەمەنی لاویەتی پێشمەرگایەتی حەز و ئاواتی بووە ،نازانم باس چ وەسفەکانی بۆتان بکەم کە ئەوە چەند چاک و دڵپاک بووە، دڵێکی زۆر گەورەی هەبووە چونکە زۆر بەسەبر و تەحمول بوو، هەمیشە ئێمە و کەسوکاری بەسەردەگرتەوە و زۆر بێ جیاواز بووە وزۆر کەیفی بەمنداڵەکانی ئێمە دەهات. پێش شەهید بوونی پەیوەندیم پێوە کرد بەمنی گووت چاوی منداڵەکەت ماچ دەکەم گەورە بووە ئەو سەفەرەی کە 4 رۆژ ماوە بگەڕێمەوە وەک جاران بەسەرتان دەکەم، هەروەها گووتی شوێنی ئێمە زۆر باش نیە بەڵام کە چوویە لای دایکم باسی نەکەی، هەر سەردەکەوین،داعش شکشت دەخوات و پێشمەرگە سەردەکەویت.ئاواتی برای شەهیدم ئەوە بوو کە ئەو سەفەرە بگەڕێتەوە ە خۆشەویستی هەبووە و دەیوست ژیانی هاوسەرگیری پێک بهێنی بەڵام نەگەیشتە ئاواتی. ئەمڕۆ شانازی بەشەهید بوونی برام دەکەم کە لە پێناو شەرەفی کوردستان شەهید بووە، من ئامادەمە ببمە پێشمەرگە لەگەڵ باوک و برام بەرگری لە کوردستان بکەم،ئەمڕۆ بە خوێنی برای شەهیدم و گشت شەهیدانی کوردستان، شوێنانە داگیرکراوەکانی کوردستان ئازادکراون و داعش شکستی هێناوە،پێشمەرگە بەسەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە،هیوای سەرکەوتن بۆ برا پێشمەرگەکان دەخوازین.

دواتر چاومان بە حابیل برادۆستی ئامۆزای شەهید شاخەوان، ئەویش بەرپرسی روشنبیری ناحیەی سیدەکانە بەمشێوە هاتە ئاخەوتن: سەربەرزم بە ئامۆزام شەهید شاخەوان کە لە پێناو خاکی نیشتمانی کوردستان شەهید بووە. شاخەوانی ئامۆزام کەسێکی قسەخۆش و نەرمونیان بوو، تێکەڵاوی زۆری لەگەڵ گەنجەکاندا هەبوو، راستگۆ بوو، گەنجێکی پر بە مانا بە هێز بوو. هەمیشە حەزی لەخزمەتکردن هەبوووو هەردەم زۆر حەزی لە پێشمەرگایەتی بوو، هەمیشە کە دەچووە ئەرک و دەگەڕایەوە باسی ئەرکەکەی و پەیوەندی لە هاوڕێکانی بۆ ئێمە دەکرد، هەروەها زۆر چالاکی لەگەڵ ئێمەی دەکرد لە بزاڤ و رۆشنبیری بەتەمەن زۆر لاوبووە و زۆر نیشتمانپەروەر بووە و ئەو ئاواتی بووە کە کوردستان ببێتە وڵاتێکی سەربەخوچ بە سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی، بەڕاستی سەربەرزین بەشەهید بوونی کە ئەو یەکەم شەهیدی شەڕی داعش لەکوردستان،ئێمەش بەردەوام دەبین لەسەر ڕێبازی شەهیدی گەنج شاخەوان و گشت شەهیدەکانی کوردستان.



# با زیاتر پەرە بە فەرهەنگی پێکەوە ژیان لە کوردستان بدەین



**شوان سەرابی**

وەک رۆژهەڵاتناسەکان لە کتێبەکانیان باسیان کردووە، میللەتی کورد هەمیشە میوان دۆست و نان بدەر و فەرهەنگی پێکەوە ژیان لایان شتێکی باو بووە و هەمیشە باوەشیان بۆ میوان و لێقەوماو و کەسانی مشەختی کردۆتەوە، کە رێیان بە شار و گوند و وڵاتەکەیان کەوتووە. ئەمەش سەرەتا لە خەڵکی ناوەخۆ، واتە هاوپێست دەستی پێ کردووە تا بە نەتەوەکانی تر و ئایین و ئاینزاکانی تر رادەگات.

ئاشکرایە کە چوار هەزار گوند و شارۆچکەی کوردستان لەلایەن رژێمی پێشووی عیراق وێران کران و خەڵکەکانیان جگە لە وانەی، کە حکوومەت لە کۆمەڵگە زۆرە ملێکان گیریان کردن، ئەوانی دیکە روویان لە شارەکانی وەک هەولێر و دهۆک و سلێمانی دەکرد و لەوێ جێنشین دەبوون و سەر لە نوێ ژیانی خۆیان دەست پێ دەکردەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە بە هەمان شێوە بەبۆنەی وەزیفەکانیانەوە حکوومەتی عیراق خەڵکانێکی زۆری لە ناو شاری کەرکووک و خانەقین و دەوروبەریان دەگواستەوە و ئەوانیش بە هەمان شێوە لە سێ شارە گەورەکەی کوردستان جێنشین دەبوون و هەندێکیان ئێستاشی لەگەڵ دابێت نەگەڕاونەتەوە سەر زێدی باوک و باپیرانیان و بوونەتە یەکێک لە دانیشتوانەکان و لەگەڵ خەڵکە رەسەنەکە پێکەوەدەژین.

پاش سەرهەڵدانە شکۆدارەکەی بەهاری 1991 کە فەیلەقی پێنج بە تەواوی تەسلیم بە خەڵکی راپەڕیوی کوردستان بوون.

پاشان لە کۆڕەوە ملیۆنییەکە شان بە شان خەڵکەکە روویان لە شاخەکان و وڵاتانی دەوروبەر کرد و لە کۆتاییدا بە سەلامەتی گەڕانەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان.

پاش روخاندنی رژێمی پێشووی عیراق لە 2003 و رزگار کردنی عیراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەڵوەشاندنەوەی سوپای عیراق، لە ناوەڕاست و باشووری عیراق دەست کرا بە هەڵمەتی تۆڵە سەندنەوە لە یەکتر و لەو کاتەشدا خەڵکانێکی زۆر لە ترسی خۆیان ئاوەرەی کوردستان بوون و ئەوانیش لە کوردستان جێیان بوویەوە و شان بە شانی خەڵکی کوردستان دەستیان بە ژیانی نوێی خۆیان کردەوە.

هەروەها پاش کردەوە خۆکوژیەکانی کەنیسەکانی بەغدا و موسڵ جێ بە مەسیحیەکانی ئەو شارانەش لەق بوو و ئەوانیش بە خاووخێزانەوە روویان لە کوردستان کرد و بەوپەڕی سەربەرزی و سەروەری و ڕێز لێ نان سەر لە نوێ ژیانی خۆیان دەست پێ کردەوە.

دوا بەدوای ئەمە پاش ئەوەی شارە سوونیەکانی عیراق وەکو پارێزگاکانی روومای و تکریت و موسڵ کەوتنە ژێر دەستی قاعیدە و داعش و رێکخراوە توندرەوەکان خەڵکانێکی دیکەی عەرەب و مەسیحی روویان لە کوردستان کرد دیسان بە گەرموگوڕییەوە پێشوازیان لێ کرا، چ لە کەمپی ئاوارەکان چ لە شارو شارۆچکەکان و تەنانەت لە شوێنە دوورە دەستەکان نیشتەجێ بوون و بوونە یەکێک لە دانیشتووانی شارەکان و تا ئێستاش هەندێکیان هەر لە کوردستان ماونەتەوە، هەرچەندە هەندێک لە شارەکانیان سەقامگیریش بۆتەوە، بەڵام هێشتا هەر نەگەڕاونەتەوە سەر زێدی باب و باپیرانی خۆیان.

لەوەش زیاتر فەرهەنگی پێکەوە ژیان، کە لە کوردستان دا هەیە وای لە بەشێکی خەڵکی سوریاش کردووە، کە کوردستان هەڵبژێرن نەک هەندەران تا وڵاتەکەیان بۆ دۆخی جاران دەگەڕێتەوە.

هەروەها فەرهەنگی پێکەوە ژیانی کوردستان کاری بەوە گەیاندووە، کە نەک هەر خەڵکانی کورد، بەڵکو و فارس و تورک و عەجەم و رۆمیش بۆ کارکردن بە خێزانەوە روو لە کوردستان بکەن و جێیان ببێتەوە.

هەروەها بووژانەوەی ئابووری کوردستان و بوونی فەرهەنگی پێکەوە ژیان و رێزگرتن لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی، وایکردووە کە خەڵکانی دیکە لە بەنگلادیش و ئەسیوبیا و تەنانەت ئەوپەری دنیاوە روو لە کوردستان بکەن و تەنانەت هەندێکیش لەوانە لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە تێکەڵ بە خێزانی کورد بوونە و بوونەتە یەکێک لە دانیشتشوانی ئەم هەرێمە. بەمە هەرێمی کوردستان ئەو قۆناغەی رەتداوە کە تەنها لە بۆنە و جەژنەکاندا بەشداری لە بۆنە نەتەوەی و ئاینییەکانی برا مەسیحی و جولەکەکانی کوردستان بکەن، بەڵکو فەرهەنگی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی، هەرێمی کوردستانی بەو ئاستە گەیاندووە کە ببێتە هەرێمێکی نێودەوڵەتی و خەڵک لەوپەڕی دنیا کەجارێک رووی لە کوردستان کردبێ، ئومێد بەوە بخوازێ کەجارێکی دیکەش بگەڕێتەوە کوردستان و تیایدا بژێت.

ئەوە فەرهەنگی پێکەوە ژیانە وای لەو هەموو خەڵکە فرە نەتەوە و ئاین و مەزهەبە کردووە کە روو لە کوردستان بکەن و تیایدا بمێننەوە و هەروەها وای لەو هەموو وڵاتانە کردووە قۆنسوڵگەرییەکانیان لە کوردستان بکەنەوە و سەرۆک وبەرپرسە باڵاکانیان روو لە کوردستان بکەن و وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ بکەن و سەنگ و پێگەیەکی بەرز و تایبەتی بۆ دابنێن.

پاش ئەوەی خەڵکی دەشتی نەینەوا لێیان قەوما و ناوچەکانیان کەوتە بەر دەستی تیرۆرستانی داعش، کوردستان باوەشی بۆ کردنەوە و بەخۆویەوە گرتن، ئەم خەڵکە لێبووردەیی و فەرهەنگی پێکەوەژیانی کوردستانیان بە چاوی خۆیان بینی.هەربۆیە کە ئێستا کە حکوومەتی عیراق بە هاوکاری پێشمەرگەی کوردستان ئەو ناوچانە ئازاد دەکاتەوە، خەڵکەکە پێیان باشە و داوا دەکەن ناوچەکانیان بکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان و ئیدی سەر بە عیراق نەبن.

بۆیە وا چاکە هەتا پێمان دەکرێ زیاتر پەرە بە فەرهەنگی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی کوردستان بدەین وبەرەو پێشەوەی ببەین، بەم شێوەیە هەڵبەت کورد و گوردستان دەبنە نموونەی لێبووردەی و پێکەوە ژیان لە سەرتاسەری جیهاندا، ئەوکات کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و تەواوی خەڵکی جیهان بوونمان بەرز دەنرخێنن و بۆهەموو لایەک روون دەبێتەوە کە کورد و کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ و میللەتێکی مرۆڤ پەروەر شایانی ژیان و سەربەخۆییە.